# سەرکەوتنی چۆلەکەکان

کۆمەڵێک چۆلەکە لە گوندێکی دڵگیری کوردستاندا دەژیان. بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەسان، چینەیان دەکرد و لەگەڵ مریشکەکاندا تێروپڕ دانیان دەخواد. لە چەمەکەی نزیک گوندەکەش، تێر ئاوی ساردیان دەخواردەوە. چەمەکە جێژوانی رۆژانەیان بوو. لەسەر لق و پۆپی دارەکان دەنیشتنەوە، یارییان دەکرد و یەکتریان راودەنا. بە جریوەجریو خۆشییان خستبووە دڵی خەڵکی گوندەکەوە. کەس ئازاری نەدەدان. منداڵانی گوندەکە، زۆر رقیان لە فاقە و دارلاستیک دەبۆوە.

رۆژێک کۆمەڵێک قەلەڕەشی نامۆ کە لە بیابانەوە هاتبوون، دایان بەسەر چەمەکەدا و ئازارێکی زۆری چۆلەکەکانیان دا و چەمەکەیان لێداگیرکردن. چۆلەکەکان زۆر دڵتەنگ بوون، بەڵام بێدەنگ بوون. بە شەرمەوە دان و ئاوی دێیەکەیان دەخوارد، دامابوون و بیریان لە چەمەکەیان دەکردەوە.

رۆژێک گەورە چۆلەکەکان، هەمووانی کۆکردەوە وپێی وتن: بە خەم و بێدەنگی و ترس هیچمان پێناکرێت، بە هەر نرخێک بێت دەبێت چەمەکەمان لەو داگیرکەرانە رزگاربکەین.

چۆلەکەیەک وتی: جا چیمان پێدەکرێت؟!

چۆلەکەیەکی تر: قەلەڕەشەکان لە ئێمە گەورەترن، خاوەنی دەنووک و چڕنووکی بەهێزترن! ئێمە لە هەقیان نایەین!

چۆلەکەیەکی تر: بەڵام ئەوان داگیرکەرن و ئێمە خاوەنی راستەقینەی چەمەکەین. نابێت لێیان بترسین و بێدەنگ دانیشین و هیچ نەکەین.

گەورەی چۆلەکەکان: دەمخۆش، ئەگەر بترسین هیچمان پێناکرێت، راستە ئەوان لە ئێمە گەورەتر و بەهێزترن، بەڵام گەر ئێمەش یەکبین، دەتوانین لە چەمەکەمان دەریان بکەین. ئەوان پانزە قەلەڕەشن، ئێمە سەد و پەنجا چۆلەکەین. دەبین بە پانزە گرووپەوە، هەر گروپێک لە دە چۆلەکە پێکدەهێنین. لە بەرەبەیاندا هێرش دەکەینە سەریان.

چۆلەکەیەک: من ئامادەم لە پێناوی چەمەکەماندا خۆم بەخت بکەم.
هەمووان: هەر هەموومان ئامادەین.

گەورەی چۆلەکەکان: هەر بژین. ئەم یەک هەڵوێستییەمان مایەی سەرکەوتنمان دەبێت.

لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا، چۆلەکەکان بەرەو چەمەکە هەڵفڕین. لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەر قەلەڕەشەکان. تا قەلەڕەشێک دەنووکێکی دەگرت، چۆلەکەکان دە دەنووکیان دەگرت.

زۆری پێنەچوو قەلەڕەشەکان بەزین و هەڵفڕین. لە کوێوە هاتبوون روویان لەو شوێنە کردەوە. چۆلەکەکان دوایان کەوتن تا بە تەواوی لە سنووری خۆیان دەریانکردن. ئینجا بە خۆشی و سەربەرزییەوە گەڕانەوە بۆ چەمەکەی نیشتمانی خۆیان و نیشتمانی هەزار ساڵەی باپیرانیان. پیرۆزباییان لە یەکتری کردوو و ئاهەنگی رزگارییان سازکرد.

# نـازی نەخـشەسـاز

نـاز کچۆڵەیەکی رووخۆش و زیرەکە، لای هـاوڕێ و مامۆستاکانی زۆر خۆشەویستە. ئەو زۆر حـەزی لە گـوڵ و گوڵـزارە، بەهرەیەکی باشی وێنەکێشان و نەخشەسازیشی هـەیە. ساڵانە بە چەنـد تابلـۆیەک بەشداریی پێشانگەی قـوتابخانەکەی دەکات و خەڵات بەدەستدەهێنت. لە گەڕەکەکەیـانـدا زەوییـەکی گـەورە هەبـوو. شارەوانی بڕیـاریـدا ئەو زەوییە بکاتە باخچـە. بۆ ئەم مەبەستەش لە تەلەفزیـۆنـدا پێشبڕکێیەکی بۆ جوانـترین نەخشەی باخچـەکە راگەیاند.

نـاز کە گـوێی لە راگەیـانـدنی پێـشبڕکـێکە بـوو، زۆر دڵخـۆشبوو. لەبـەرخـۆیەوە وتی: "بۆ بەشـداریی پێشبڕکێکە نەکەم! گەر خەڵاتـەکەش نەبەمەوە هیچ زیـانێک ناکـەم". مانگێک بۆ وەرگرتنی نەخشەکان دیاریکرا. ناز بیری لە نەخشەیەکی شایستە کردەوە. لە ماوەی ئەو مانگەدا زیاتر لە دوانـزە نەخشەی جۆراوجۆری کێشا. تا لە کۆتاییدا، سەرجەم بیرۆکەکانی لە نەخشەیەکدا گەڵاڵە کرد.

لەسەر کارتۆنێکی گەورە بە بۆیەی رەنگاوڕەنگ نەخشەکەی کێشا. بە داری هەمەجۆر و گـوڵی هـەمەڕەنگ و چیمەن، نەخشەکەی رازانـدەوە و شـوێـنێکی تایبـەت بە یاریی منداڵانیشی دیاریکـرد. لە دەروازەی باخچـەکەشـدا، پەیکەری کـچ و کوڕێکی بە جـلی کوردییەوە کێشا. لە کـۆتـاییدا نـاو و نـاونـیشان و ژمـارەی تەلـەفۆنـەکەی بـاوکی لە سووچێکی نەخـشەکەدا نووسی. دایک و باوکی ناز، زۆر سەرسامبوون بە نەخـشەکە. هـەر ئـەو رۆژە نەخشەکەیـان گەیـانـدە شارەوانی.

تیکـرا پانـزە نەخشە گەیشـتبوونە شـارەوانی. دوای هـەڵسەنگانـدنێکی ورد، لـیژنـەی هـەڵسەنگانـدن نەخشەکەی نـازی بە جـوانـتریـن نەخـشە هـەڵبژارد. ئەنجـامـەکەی لە چەند تەلەفزیۆن و رۆژنامەیەکدا راگەیانـد. داوایان لە نـاز کرد بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە سەردانی شـارەوانی بکات.

ناز کە لە تەلەفزیۆندا، گوێی لە ناوی خۆی بوو گەشایەوە. ئەو شەوە ناز لە خۆشیدا، تا درەنـگانێک خـەوی لـێنەکەوت. شەو بەلایـەوە زۆر درێـژ بـوو.
بۆ بەیانییەکەی ناز و دایکی چوون بۆ شارەوانی. لەوێ بە گەرمی پێشوازییان لێکـرا.
دایکی وتی: ئێمە هـاتووین بۆ وەرگـرتنی خەڵاتـەکە. سـەرۆکی شـارەوانی بە دایـکی نازی وت: بە نەخشەکەدا دیارە بەڕێـزتان ئەنـدازیارێکی لێهاتوون!
دایکی نـاز بە خەنـدەیەکەوە وتی: ببوورن من خەڵاتگرەکە نیـم، ئەمە نازی کچـمە و ئەم نەخـشەیەی کـێشاوە. بیرۆکەکەش هـەر بـیرۆکەی خـۆی بوو.

لە کۆتـاییدا سـەرۆکی شـارەوانی، میدالـیـایەکی زێڕی لە مـلی نـاز کـرد. بڕوانـامەی رێـزلێنانیشی پێشکەش کـرد. وەک رێـزێکـیش سەرپشکـیان کرد، ناوێک بۆ باخچەکە

بدۆزێتەوە. ناز پاش کەمێک بیرکردنەوە وتی: زۆر باشە، من ناوی دەنێم باخچەی کوردستان.
سەرۆکی شارەوانیش وتی: زۆر باشە، ئێمەش لەژێر ناوی باخچەکەدا دەنووسین "نەخشەساز: نازی بەهرەدار".

# گەردەلوول و داربەڕوو

رۆژێک گەردەلوولێکی تاریک و رەش، لە بیابانەوە بەرەو باکوور هەڵیکرد. زیانێکی زۆری بە باخ ودارودەوەن و ئەو شوێنانە گەیاند کە لەسەر رێگەی بوون. بێبەزەییانە هێلانەی هەزاران باڵندەی رووخاند و باڵندەکانی ئاوارە کرد. ملیانیا کۆمەڵێک داربەڕوو. رووی دەمی لە پیرەداربەڕوویەک کرد و قیژاندی: ئەوە بۆ رێتان پێگرتووم؟! پیرەداربەڕوو وتی: ئێرە شوێنی ئێمەیە، تۆی نامۆ ملت پێوەناوین و شەرمان پێدەفرۆشیت.

گەردەلوولەکە دوای ماندووبوونێکی زۆر، قیژاندی: تا زووە رێگەکە چۆڵکەن، ئەگەرنا لە رەگەوە هەڵتاندەتەکێنم.
پیرەداربەڕووەکە بە دەنگێکی دلێرەوە وتی: ئێرە نیشتمانی هەزار ساڵەی ئێمەیە و هەرگیز جێیناهێڵین. ئێمە لە هەڕەشەی تۆی بەدکار ناترسین، گەردەلوولی لە تۆ رەشتر و پیستر ملیان پێوەناین، بەڵام نەیانتوانی هەڵمانکەنن.

گەردەلوولەکە زۆر تووڕەبوو، بە هەموو توانایەوە و دڵڕەقانە، دەستیکرد بە راوەشاندنی داربەڕووەکان. بەرەکانیانی وەراند، گەڵای بە دارەکانەوە نەهێشت، لق و پۆپی زۆریانی شکاندەوە و رایماڵین. بەڵام هەرچەندی کرد، نەیتوانی قەدەکان بە ئاستەمیش بجووڵێنێت. گەردەلوولەکە بەزی و بە سەرشۆڕی ئەو ناوەی چۆڵکرد. داربەڕووەکانیش سەربەرزانە لە جێگەی خۆیان مانەوە.

بە هاتنی وەرزی بەهار، داربەڕووەکان لقی تازەی ناسکیان دەرکرد و گەڵایان کرد. بەڕووە وەریوەکانیش لە شوێنی خۆیاندا شینبوون و بوونە نەمامی ناسک. بە جارێ ئەو ناوە بووە بەڕووستان. باڵندەکانیش گەڕانەوە و لەسەر لقی دارەکان هێلانەی جوانتریان دروستکرد و ژیانێکی نوێیان دەستپێکرد.

# مینای فریاگوزار

مینا کچۆڵەیەکی کوردی رووخۆش و زیرەکە. ئەو لە نەرویج لە دایکبووە. بەڵام لە ماڵەوە بە باشی فێری زمانی کوردی بووە. دایک و باوکی مینا رۆژانە سەیری تەلەفزیۆنە کوردییەکان دەکەن و گوێ لە هەواڵەکانی کوردستان دەگرن. لە رۆژێکی زۆر ساردی زستاندا، یەکێک لە کەناڵەکان دیمەنی ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستانی پەخشدەکرد، کە لە ترسی داعشی دڕندە، ماڵی خۆیان جێهێشتبوو و لە باشووری کوردستان، لە کەمپێکدا نیشتەجێ کرابوون.
لە دیمەنەکەدا کچۆڵەیەکی قژ زەری هاوتەمەنی مینای تێدابوو، کە پێڵاوی لە پێدا نەبوو. کراسێکی کۆن و تەنکی لەبەردابوو. لەسەرما شین و مۆر ببووە و دەلەرزی. بە بینینی ئەو دیمەنە، دایکی مینا خۆی پێنەگیرا و دەستی بە گریان کرد.

لەو کاتەدا مینا چووە ژوورەوە، کە بینی دایکی دەگری، پرسی: دایکە گیان بۆ دەگری؟
دایکی وتی: مینا گیان، بۆ ئەو منداڵە ئاوارانە دەگریم.
مینا کە دیمەنی منداڵەکانی بینی، پرسی: ئەوانە کێن؟ بۆچی جلی گەرمیان لەبەردا نییە و پێڵاویان لە پێدا نییە؟! ئەو کچە قژ زەردە بۆ دەلەرزێ؟
دایکی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مینای دایەوە و تێیگەیاند کە ئەوانە کوردن و کەسوکاری ئێمەن.
مینا زۆر دڵگرانبوو، بە تایبەتی بۆ دیمەنی ئەو کچۆڵیەی لەسەرما دەلەرزی.

لەم کاتەدا لیژنەی کۆکردنەوەی هاوکاریی بۆ ئاوارەکان، کە لە دوو خوشک و برایەک پێکهێنرابوو، چوون بۆ ماڵی مینا. دوای پشوویەکی کورت، چنوور خان کە ئەندامێکی لیژنەکە بوو بە مینای وت: مینا گیان، ئەوە بۆ وەکوو جارا، ناڵێی پووری بەخێربێی؟ هەستدەکەم شتێک زویری کردووی!
لە کاتێکدا ئەوان سەرقاڵی گفتوگۆبوون، ئەڤین خانی دایکی مینا چوو بڕێک پارەی هێنا و دای بە لیژنەکە. چنوور خان وتی: خۆشبیت، بێگومان بە هاوکاریی هەمووان، ئەو منداڵانە لە سەرما و برسێتی رزگاردەکەین.
مینا کە گوێی لەو قسانەبوو، وەکوو گوڵ گەشایەوە، یەکسەر رایکرد بۆ ژوورەکەی.

پاش کەمێک ئەندامانی لیژنەکە هەستان و بە دایکی مینایان وت: سوپاس بۆ هاوکاریتان. ئێمە دەبێت بڕۆین، خواحافیز. پێش ئەوەی بڕۆنە دەرەوە، مینا گەڕایەوە و بە دەنگی بەرز وتی: تکایە بوەستن! دیمەنێکی چەند سەرنجڕاکێش بوو. مینا دەغیلەی پارەکەی و هەندێک جلوبەرگ و جووتێک پێڵاو و قەمسەڵەیەک کە هێشتا بەکاری نەهێنابوون، لە بەردەم چنوور خان دایانی نا و وتی: پوورە چنوور، تکایە ئەمانە بدەنە دەست ئەو کچە قژ زەردەی کە لەسەرما شین و مۆر ببۆوە و دەلەرزی.

# سڵاو نیشتمان

شایەکی بیابان نشین، هەر لە منداڵییەوە، حەزی لە دەنگی باڵندە بوو. لە باخچەی کۆشکەکەیدا، لەنێو تەلبەند و قەفەزی زیویندا، چەندین مەلی جوان و دەنگخۆشی هەبوو. خۆشەویسترین و جوانترین و دەنگخۆشترین باڵندە بە لای شاوە کەوەکەی بوو. کە گوڵزارێکی زۆر رەنگینی لە شاخ و تافگە بۆ رازاندبۆوە. شا هێندە هۆگری باڵندەکانی بوو، تا رادەیەک لە زمانیانی دەزانی.

شا بەیانیان بە قاسپە قاسپی کەوەکەی لەخەو هەڵدەسا. دەچووە دیاری و گوێی لێدەگرت. بەڵام سەری لەوە سووڕمابوو، کە کەوەکەی هەموو جارێک لە کۆتایی خوێندنەکەیدا، دەیوت: "سڵاو ئەی نیشتمان"
شا لەبەرخۆیەوە دەیوت:" کەوەکە لە چیت کەمە؟! خۆشترین دان و دڵگیرترین شوێنت هەیە، قاپی دان و ئاوەکەت زیوینن. ئیتر بۆچی ئاخ بۆ نیشتمانەکەت هەڵدەکێشی؟! تۆ بڵێی نیشتمانەکەت لەم شوێنە قەشەنگتر بێت!"

شەوێکیان شا خەونی بینی، لە خەونەکەیدا بەیانی بوو، گوێی لە قاسپە قاسپی کەوکەی گرتبوو، وەک رۆژانی تر کەوەکەی وتی:"سڵاو ئەی نیشتمان"
شا کەوەکەی بەرەڵاکرد و پێیوت کە هەڵفڕێ و بڕوات بۆ نیشتمانەکەی. کەوەککە بەرەو باکوور هەڵفڕی.
(شا) ش بووە باڵندە و هەڵفڕی و قۆناغ بە قۆناغ دوای کەوەکە کەوت، تا بزانێت نیشتمانەکەی لە کوێیە؟

دوای ماوەیەکی زۆر فڕین، گەیشتنە دۆڵێکی کوردستان، کە کەوتبووە نێوان دوو زنجیرە چیای بەفرین و بەرزەوە. چیاکان بە دارستانی چڕ داپۆشرابوون. دۆڵەکە پڕبوو لە دار و دەوەن و تاڤگەی جوان، لە کانیاوی روون، لە گوڵزاری سروشتی و بۆن و بەرامە خۆش. شا لە هەموو لایەکەوە گوێی لە چریکەی مەلی دەنگخۆش بوو. ئەو لە ژیانیدا دیمەنی وەها ئەفسووناوی و دڵڕفێنی نەبینیبوو. لەبەرخۆیەوە وتی:"هەبێ و نەبێت ئێرە بەهەشتە! کەوەکەم ناهەقی نییە، کە ئاخ بۆ ئەم نیشتمانە هەڵدەکێشێ".

کەوەکە چووە سەر کانییەکی سازگار و تێر ئاوی خواردەوە. ئینجا چووە سەر تاشەبەردێک، بە دەم قاسپە قاسپێکی پڕسۆزەوە، سێ جار هاواریکرد:
"ئۆخەی نیشتمانە شیرینەکەم، پێت شادبوومەوە"
لەو کاتەدا پۆلێک کەو هاتن و لە دەوری کەوەکە نیشتنەوە. کەوەکە هاواریکرد:
"ئۆخەی بە کەسوکارم و بە هاوڕێکانم شادبوومەوە".
دواتر لەگەڵ هاوڕێکانیدا، دایان لە شەقەی باڵ و بەرەو لوتکەی چیایەک هەڵفڕین.

لەم کاتەدا، شا لە دەنـگی قـاسپە قـاسپی کەوەکەی خـەبەری بۆوە. دەستـبەجێ چـوو دەرگەی تەلبەنـدی کەوەکەی کردەوە و ئازادیکـرد. کەوەکە بەرەو باکوور هەڵفـری و لەچـاو ونبـوو.
دواتـر هەمـوو باڵـنـدەکانی تـریشی ئـازاد و وتی:"هـەمـووتان ئـازادن و بچـنـەوە بـۆ نیشـتمانـەکانی خۆتـان.

هـەر ئـەو ڕۆژەش بـە بڕیـارێـک، ڕاوی هـەمـوو بـاڵـندە و ئـاژەڵـێکی کـێویی لـە وڵاتـەکەیـدا قـەدەغـەکـرد.

# خـۆڵی کوردسـتان

مـریـەم کچۆڵەیەکی کوردی جوانکیلە و زیرەک و رووخۆشە، لە نەرویج لەدایکبووە. دایک و باوکی لە ماڵەوە هەر بە زمانی شیرینی کوردی لەگەڵیدا دەدوێن.. بۆیە مریـەم بە باشی کوردی دەزانێت، لە باخچـەی منداڵانیشدا فێری زمـانی نەرویجی بـووە.

پێرار مریـەم شەش سـاڵان بـوو، لە بەهـاردا لەگەڵ دایک و باوکیدا، بە سەردانی بـۆ ماوەی دوو هەفتە هاتنەوە بۆ شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان، کە کەسوکاری دایـک و باوکی لـەم شـارە دان. زۆری پێخۆشـبوو کە بە کەسـوکاری دایکی و باوکی و خزمانی ئاشنابوو. بۆ گەڕان و سەیـرانیش بردیان بۆ گەلێ شـوێنی کوردستان. مریەم بە جوانی دیمـەنە جوان و قـەشەنگەکانی کوردستان و بە گـوڵ و گـوڵـزاری جـوان و بۆنخۆشی بەهـاری کوردستان زۆر سەرسام بـوو.

ئەمساڵ مریـەم تەمـەنی هەشـت سـاڵە، لە پۆلی دووەمی قـوتـابخـانەی بنـەڕەتی دایـە.

دایکی لە ماڵەوەدا، لە نێو خانە شووشەییەکانی ڕەفتەکانی چێشتخانەکەیاندا، کۆمەڵێک شووشەی بچووکی ریزکردوون، کە پڕن: لە کـاری و لە بەهـاراتی بریانی و کـفـتە و شفتە و یاپـراغ، جاتـرە بۆ نـاو نـۆکاو و بیبەری تـیژ و زەردەچێوە و چەنـدین ئاڵەت و بەهـاراتی تر.. کە بەتاڵ بوونایە دووبارە پڕی دەکردنەوە.. لەسەر پارچە کاغەزیش بە کوردی نـاوی یەک بە یەکی بەهـاراتەکـانی نووسیوون.. ئەوەی کە سەرنجی مـریـەمی ڕاکێشا ئەو شووشەیە بـوو، کە دایکی بە جیا لەنێـو خانـەیەکی ڕەفتەکانـدا دایـانابـوو، لەسەریشی نەنـووسیبوو. مـریـەم وایـدەزانی کە ئەوەی لەنـاو ئەو شووشەشیەش دایە جۆرێکە لە بەهـاراتی چێشت، بەڵام نەیبینی کە بۆ یـەک جاریش دایـکی ئەوەی لـەو شووشەیە دایـە بەکـاری بهێنێت.

مریـەم: دایکە ئەو شـووشە بە تەنیایە، چ بەهـاراتێکی تێدایە؟ بۆ بەکـاری نـاهێنیت؟

دایـکی: بە زەردەخەنەیەکی ناسکەوە: مریـەم گیـان ئەو شـووشـەیە خۆڵی تێدایە.

مریـەم ـ بە پێکەنین و سەرسامییەوە: خۆڵی تێـدایە؟ بۆ خۆڵیش دەکرێتە چێشتەوە؟!

دایـکی : بەڵـێ.. خـۆڵـی کوردستـانی تێـدایە.. نە کچـەکـەم خـۆڵ ناکـرێتە چێشـتەوە.

مریـەم: هێنـدەی تر سەری سوڕما: خۆڵی کوردستان؟! ئـەی لە نەرویـج خۆڵ نییە؟

دایـکی : بەڵـێ کچـە شیرینـەکەم، لە نەرویـج  و لـە هەمـوو وڵاتـێکـدا خـۆڵ هـەیە.

مریـەم: کەواتە خـۆڵی کـوردستـانـت بـۆچـییە؟!

دایکی: ئەم پرسیارەتم پێخۆشە. مریەم گیان، من و باوکت لە کوردستان لەدایک بووین. لە کوردستان گۆش و پەروەردە کراین و گەورە بـووین، هەوای کوردستانمان هەڵمژی،

ئاوی کوردستانمان خـواردەوە، لە بەروبـوومی خـاکی کوردستانـمان خـوارد.
بۆیە کوردستان و هەموو شتێکی کوردستانمان لا پیرۆزە. کوردستان نیشتمانی یەکەمی ئێمەیە، زۆر خۆشـمان دەوێ و لامان شیرینە، هەمیشە لە بیرمانە و لەناو دڵمان دایە.

مریـەم : ئەم قسانەت تێگـەیشتـم، ئـەی ئەو خۆڵەی کوردستانتـان بـۆ لـەوێ دانـاوە؟

دایکی : تا رۆژانـە ببینین و هـەمیشە کوردستان لە بـیر و خەیاڵ و لەبەرچاومان بێت.

مریـەم : لە دوای کەمێک دامان و بیرکـردنەوە: دایکـە گیـان، لە ئەمڕۆوە کوردسـتان نیشـتمانی یەکـەمی منـیشە، خـۆشـم دەوێـت، ئـەو خـۆڵـەشـم خـۆشـدەوێـت.

دایکی ـ لە باوەشی کرد و سی و چـوار ماچی کـرد: دەمخـۆش کچە ژیـر و زیـرەکەکەم.

# خەڵاتی قوتابی نموونەیی

قوتابخانەکەمان هەموو ساڵێک، لە ئاهەنگی کۆتایی ساڵی خوێندندا، وەک ڕێزلێنانێک، خەڵاتی پێشکەش بە قوتابییە دەرچووە یەکەمەکان دەکرد. بەڵام بەرزترین خەڵات بە لە ناوی (خەڵاتی قوتابی نموونەیی) یەوە، پێشکەش بەو قوتابییە دەکرا، کە ماوەی ئەو ساڵەدا، کۆمەڵێک کاری باش و ناوازەی کردووبێت.

ساڵی پار، من لە پۆلی شەشی بنەڕەتیدا بووم. لە ئاهەنگی کۆتایی ساڵدا، لە دوای پێشکەش کردنی کۆمەڵێک چالاکی هونەری و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و خۆشی. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستا (جوان) میدالیای ڕێزلێنانی لە ملی یەکەمەکان و دووەمەکان و سێیەمەکانی پۆلەکان کرد و پیرۆزبایی لێیان کرد. پێم سەیربوو کە بانگی منی نەکرد، چونکە من یەکەمی پۆلی شەش بووم.

مامۆستا جوان: قوتابییە خۆشەویستەکانمان، پێش ئەوەی ناوی ئەو قوتابییە هاوڕێیەتان بخوێنمەوە، کە خەڵاتی قوتابی نموونەیی پێشکەش دەکەین، گوێم لێبگرن ئەو کارە باش و جوانانەیتان بۆ باس دەکەم، کە لە ماوەی ئەمساڵدا ئەنجامیانی داوە.

ئەم هاوڕێیەتان لە یەکەم ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەکەمان، دوو چەپک گوڵی گەورە و قوتوویەک نوقڵی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، لە بەردەم دەروازەی قوتابخانەکەماندا وەستا، بە ڕوویەکی خۆش و بە زەردەخەنەیەکی ناسک، بە ماچێکی شیرین و بە پێشکەش کردنی گوڵێک و نوقڵێک، پێشوازی لە یەکە بە یەکەی ئەو منداڵە بچووکانە کرد، کە بۆ یەکەم ڕۆژ و یەکەم جار، ڕوویان لە قوتابخانەکەمان کرد و بوون بە پۆلی یەک.

ئەم هاوڕێیەتان، لە دووەم ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەکەماندا، هات بۆ لام و پێشنیاری ئەوەی کرد، بۆ یارمەتیدانی قوتابییە کەم دەرامەتەکان، سندوقێک بە ناوی (سندوقی کۆمەک) بکەینەوە. هەموو ماوستاکان پێشنیارەکەیان پەسەندکرد و بە باشیان زانی. خۆی یەکەم کەس بوو، کە بۆ بەیانی (١٠٠) هەزار دیناری هێنا و خستییە ناو سندوقە کەوە، دوای چوار مانگ سەد هەزار دیناری تریشی هێنا و خستییە ناو سندوقەکەوە و وتی: ئەمەش کۆی ئەو بڕە پارەیە کە لە دەغیلەکەمدا کۆم کردۆتەوە. هەریەکە لە مامۆستاکانیش بڕە پارەیەکیان خستە ناو سندوقەکەوە. بەشێکیش لە پارەی داهاتی فرۆشگای قوتابخانەکەشمان خستە سەری. بەو پارەیە، پێش جەژنی نەورۆز، جلی کوردیمان بۆ (٣٠) قوتابی کەم دەرامەت کڕی و دڵیانمان خۆش کرد.

ئەم هاوڕێیەتان، بە سێ تابلۆی وێنە، لە کێشانی خۆی، بەشداریی لە پێشانگای ساڵانەی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شارەکەمان بۆ هونەری شێوەکاری کرد. خەڵاتی دوەمی بە دەست هێنا و ڕێزنامەشیان پێشکەش کرد.

ئەم هاوڕێیەتان، لە (کێبڕکێی ساڵانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان ـ بۆ خوێندنەوەی هۆنراوە و چیرۆک و پەخشان) لە نووسین و پێشکەش کردنی هۆنراوەیەکی جوانی خۆی بە ناوی (کوردستان) بەشداری کرد و خەڵاتی یەکەمی هۆنراوەی بە دەستهێنا.

ئەم هاوڕێیەتان لە ماوەی ئەمساڵدا (٣٥) پەرتووکی لە پەرتوکخانەی قوتابخانەکەمان خواست و هەر هەموویانی خوێندەوە. خۆشی (٥) پەرتووکی منداڵانی پێشکەش بە پەرتووکخانەکەمان کرد. یەکەم قوتابییە ئەو ژمارە پەرتووکەی خواست و خوێندەوە.

هەر ئەم هاوڕێیەتان، لە یەکەم رۆژی مانگی ئاداری ئەمساڵدا، گورزەیەک قەڵەمی گوڵەباخی رەنگاوڕەنگی هێنا و لە دیراوەکانی باخچەی قوتابخانەکەماندا چاندیانی. هەر خۆشی ئاویانی دا و خزمەتیانی کرد. بە چاوی خۆتان دەبینن چ گوڵێکی جوان و رەنگاوڕەنگ و بۆنخۆشیان گرتووە، دیمەنێکی جوانیان بە باخچەکەمان بەخشیوە.

هەر ئەم هاوڕێیەتان، چوار لە قوتابییە هاوڕێکانی پۆلی شەش، لە وانەی بیرکاریدا باش نەبوون، پێش تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ، لە دوای قوتابخانە، لە ماڵی خۆیان خۆبەخشانە یارمەتییانی دا، هەر چواریان بە نمرەی باشەوە لەم وانەیەدا دەرچوونە.

ئەم هاوڕێیەتان، لە سێ لیژنەی قوتابخانەکەشمان بەشدارە، لیژنەی ژینگەپارێزی، لیژنەی چارەسەری کێشەکانی قوتابیان، لیژنەی چالاکی هونەری و وەرزشی. لە هەرسێ لیژنەکەدا، بە گەواهی مامۆستاکان رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.

ئەم هاوڕێ زیرەکەتان، پێرار و پار و ئەمساڵیش بە یەکەمی پۆلەکەی دەرچووە.

ئەم هاوڕێ خۆشەویست و دڵسۆزەتان، بێجگە لەو کارانەی کە باسمان کرد، گەلێ کاری جیاواز و جوانی تریشی کردوە.

هەموو مامۆستاکان کۆدەنگ بوون، کە (خەڵاتی قوتابی نموونەیی) ئەمساڵی قوتابخانەکەمان پێشکەش بە قوتابی نموونەیی (شەنگە کامەران نەریمان) بکرێت و شایەنی ئەوە.

کە بەڕێوەبەر، ناوی منی خوێندەوە، گەر باڵم ببوایە لە خۆشیدا دەفڕیم. چوومە بەردەمی مامۆستا جوان. لە پێشا میدالیای یەکەمی پۆلی شەشی کردە ملم، ئینجا (خەڵاتی قوتابی نموونەیی) پێشکەشم کرد و هەردوو روومەتمی ماچکرد و پیرۆزبایی لێم کرد. مامۆستا (مەهاباد) ی رابەری پۆلەکەشمان، چەپکێک گوڵی گەش و جوانی پێشکەشم کرد.

مامۆستاکان و قوتابییەکان، چەپڵەیەکی درێژیان بۆم لێدا و بە گەرمی پیرۆزباییان لێمکرد. منیش ماچم بۆ هەموویان هەڵدا و زۆر سوپاسیانم کرد.

# نیشتنەوەیەک لەسەر مانگ

ساڵانێک بەر لە ئێستا، دوو هاوڕێ هەبوون. ناویان (نیل) و (باز) بوون. مشتومڕیان بوو، لەسەر ئەوەی کە بڕوا و بۆچوونی کامیان لەسەر (مانگ) راستە.

نیل: بە بڕوای من مانگ ڕوویەکی زەبەلاحە. هەمووانیش هەر هەمان بڕوایان هەیە.

باز: نەخێر، وانییە، هەمووان دەزانن کە مانگ لە پەنیر دروست کراوە.

لەسەری رۆیشتن و درێژەیان بە مشتومڕەکەیان دا. هەر یەکەیان بڕواکەی خۆی بە راست دەزانی.

باز: بڕواکەی من راست و رەوایە.

نیل: نا، وانییە، بڕواکەی من راستە.

لە کۆتاییدا بڕیاریان دا، کە لە هیوای مامیان بپرسن.

مامە هیوایان گوێی لە مشتومڕ و هاواریان بوو.. پێی وتن:" کوڕەکانم، پێویستە بچن بۆ سەر مانگ، تا راستیتان بۆ دەربکەوێت، کە بڕوای کامتان راستە". مامە هیوای بە ساڵاچوو، بڕیاری دا، یارمەتیان بدات (کەشتییەکی ئاسمانی) بۆ کوڕەکان دروست کرد. کەمێک لە فڕۆکە دەچوو، ناوی لێنا (ئەپۆلۆ).

کوڕەکان سەرکەوتن و چوونە ناو کەشتییەکەوە. سویچەکەیان سوڕاند و هەڵیان کرد. گڕە ئاگرێک لە دواوەی کەشتییەکەوە دەرچوو.. تەکانی دا و بە ئاسماندا بەرزبۆوە، بە خێراییەکی زۆر بەرەو لای مانگ رۆیشت. بەرزتر و بەرزتر بۆوە، زۆر لە زەوییەوە دوورکەوتەوە. تا گەیشت و لەسەر مانگدا نیشتەوە.

نیل و باز لە کەشتییەکە دەرچوون و بە پەیژە لێژەکەی هاتنە خوارەوە. نیل لە پێشا پێیەکانی خستە سەر مانگ و یەکەم هەنگاوی نا.. دوایش باز.

نیل: ئەمە هەنگاوێکی بچووکی منداڵێکە، بەڵام بازێکی گەورەی مرۆڤایەتییە.

هەرکە گەیشتنە سەر مانگ، ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە شوێنێکی سارد و بەرداوییە. لە پەنیر دروست نەکراوە، ڕوویەکی زەبەلاحیشی نییە.

باز (بە بێ ئومێدییەکەوە): بە هیچ کلۆجێک ئێرە شوێنێکی دڵگیر نییە. خۆزگە سینەما و یاریگای تۆپی پێ و بازاڕێکی گەورەشی لێ دەبوو.

پیاسەیەکی کورتیان لەسەر مانگدا کرد. وێنەیەکی زۆریان گرت. ئاڵایەکیشیان لەسەر

مانگدا چەقاند. هەموو ئەو شتانەش کە مەبەستیان بوو، لە سەر مانگدا جێبەجێیان کرد. توورەکەیەکیشیان پڕکرد لە خۆڵ و لە بەردی سەر مانگ، بۆ ئەوەی بیهێننەوە بۆ سەر زەوی، تا زاناکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن و بزانن لە چی پێکهاتوون.

باز: دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە.

نیل: هەروەها منیش حەزدەکەم بگەڕێمەوە.

گەڕانەوە بۆ ناو ئەپۆلۆکەیان، سویچەکەیان سوڕاند و خستیانە ئیشکردن. بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە و رووەو هەسارەی زەوی گەڕانەوە.. خۆیان و کەشتییەکەش بە ساغی گەیشتنەوە سەر زەوی. نیل و باز دابەزین و مامە هیوایان لە پێشوازییاندا بوو. بە گەرمی بەخێرهاتنەوەیانی کرد. ئەوانیش زۆر سوپاسیان کرد.

نیل و باز، گەشتکردنەکەیان بۆ ئاسمان و بۆ سەر مانگ زۆر پێخۆش بوو. بەڵام بە گەڕانەوەیان بۆ سەر زەوی و بۆ ماڵەوەیان زۆر دڵشاد و دڵخۆش بوون.

(*) وەکوو دەزانین کە (نیل ئارمسترۆنگ) و (باز ئالْدرن) دوو کەشتیوانی ئاسمانی ئەمریکی بوون. لە ساڵی (١٩٦٩) دا، بە کەشتی ئاسمانی (ئەپۆلۆ - ١١) بۆ یەکەم جار چوونە سەر مانگ و بە ساغیش گەڕانەوە بۆ سەر زەوی. بۆیە لەم چیرۆکەدا، ناوی دوو هاوڕێ (نیل) و (باز) م بەکارهێنا.

# پەشیمانی و لێبووردن

ماڵمان لە شاری کەرکووک لە گەڕەکی شۆڕجە بوو. لە پۆلی پێنجەم لە قوتابخانەی شۆڕجەی سەرەتایی بووم. لە منداڵانی کۆڵانەکەی خۆمان و لە کۆڵانێک پێشتر و کۆڵانەکەی پشتمانەوە، کە هەموومان هاوڕێی یەکتری و هاوقوتابخانە بووین. تەمەنمان لە نێوان یانزە و دوانزە ساڵاندا بوو. تیپێکی تۆپی پێمان دامەزراند و ناومان نا (تیپی تۆپی پێی کوردستان) ژمارەمان (١٦) منداڵ بووین. پارەمان کۆکردەوە و بە (٦) پەنجایی واتا (٣٠٠) فلس. تۆپێکی لاستیکی گەورەمان کڕی. زۆر دڵمان پێی خۆشبوو. لە دوای یاری، هەر جارەی یەکێکمان دەمانبردەوە بۆ ماڵی خۆمان.

پارچە زەوییەکی چۆڵی گەورە لە سەرووی کۆڵانەکەمان هەبوو. کردمان بە یاریگامان. ڕۆژانی سێ شەممان و ڕۆژانی هەینی، لە دوای نیوەڕوان، دەبووین بە دوو بەشەوە، تا کفت دەبووین تێر یاریی دوو گۆڵیمان دەکرد. بەڵام ئەوەی کە نیگەرانی کردبووین. ڕەفتاری هەڵەی (شێرۆ)ی هاوڕێمان و ئەندامێکی تیپەکەمان بوو. کە کەمێک لە خۆبایی بوو. زۆر ڕەق یاری دەکرد. لە هەر یارییەکدا، شەقی لە پێی یەکێک یا دووانمان دەدا. یان پاڵێکی قایمی بە یەکێکمانەوە دەنا و دەیخستین و ئازاری پێ دەگەیاندین. من دوو جار بەر شەقی شێرۆ کەوتم. جارێکیان ئازارێکی زۆری بە پێی ڕاستم گەیاند. لە دوو یاریدا نەمتوانی یاری بکەم. هەر بە هۆی شێرۆوە جاری واش هەبوو یارییەکەمان ڕادەگرت و بە دڵتەنگییەوە کۆتاییمان پێ دەهێنا.

گلەییمان لێی کرد و زۆریش ئامۆژگاریمان کرد. بەڵام بێ سوود بوو. تا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لە ڕەفتاری شێرۆ بێزاربووین. بیرمان لە دۆزینەوەی چارەسەرێک کرد.

بەبێ ئاگاداری و بێ بەشداریکردنی شێرۆ، هەموو ئەندامانی تیپەکەمان لە شوێنێکدا کۆبووینەوە. کە چی بکەین بۆ ئەوەی وا لە شێرۆ بکەین واز لەم ڕەفتارەی بهێنێت و بە خۆیدا بچێتەوە. چەند هاوڕێیەکمان پێشنیاریان کرد و ڕای خۆیان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەمان دەربڕی.

شاهۆ: سبەینێ کە شێرۆ هاتە ناو یاریگاکەوە، با پێکەوە هەموومان ڕووبەڕووی ببینەوە و بە پاڵ دەریبکەین.

دارا: با لە تیپەکەمان دەری بکەین و قسەی لەگەڵدا نەکەین و واز لە هاوڕێتی بهێنین.

سەرکەوت: با لە لای مامۆستا فەرهاد، مامۆستای وەرزشمان سکاڵای لێ بکەین.

کە نۆرەی من هات، ڕاو و پێشنیارم ئەمە بوو:" با سبەینێ هەینی یاری نەکەین و کەسمان نەچین بۆ یاریگاکەمان. کە شێرۆ بچێت و کەسمان نەبینێت، هەست بە شتێک دەکات. ڕۆژی شەممەش لە قوتابخانەدا، کە شێرۆ ڕۆژ باشی لێکردین، بە ساردییەوە

وەڵامی بدەینەوە. ئەگەر پرسی: بۆ بە ساردی وەڵامم دەدەنەوە؟ چی بووە؟ بۆ دوێنێ کەستان نەهاتن بۆ یاریگاکە؟. ئەم وەڵامە، وەڵامی هەمووومان بێت:"لە خۆت بپرسە". هەموو ئەندامانی تیپەکەمان، ئەم را و پێشنیارەیان پێ باش بوو.

بەیانی رۆژی شەممە، کە شێرۆ رۆژ باشی لێمان کرد، بە ساردییەوە وەڵامیمان دایەوە. کە پرسی:" بۆ بە ساردییەوە وەڵامم دەدەنەوە؟ بۆ دوێنێ کەستان نەهاتن بۆ یاریگاکە؟ چی بووە..؟". هەر یەکەمان بە "لە خۆت بپرسە" وەڵامیمان دایەوە.

ئەو رۆژە کە چووینەوە بۆ ماڵ، شێرۆ زۆر دڵتەنگ و خەمبار ببوو. زانی تەگبیرمان لێی کردووە. بیری لە وەڵامەکەمان کردەوە، لەبەر خۆیەوە، وتی:"هاوڕێکانم هەقیانە کە بە ساردی وەڵامم بدەنەوە. راست دەکەن پێویستە لە خۆم بپرسم. من ئازاری هەموویانم داوە، دڵی هەموویانم رەنجاندووە. من هەڵەم و پێویستە پەشیمان ببمەوە و واز لەم رەفتارە ناشیرینەم بهێنم. واتە من خەتابارم و هەر من دەتوانم کۆتایی بەم کێشەیە بهێنم. پێویستە لە پێشا یەک بە یەکی هاوڕێکانم ئاشت بکەمەوە."

بەیانی رۆژی یەکشەممە لە قوتابخانەدا، شێرۆ هات و دەستی کردە ملی یەک بە یەکمان. چاوەکانی پڕببوون لە فرمێسک و وتی:"هاوڕێ خۆشەویستەکانم، من ناتوانم بەبێ ئێوە هەڵبکەم. من خەتابارم و دان بە هەڵەکەمدا دەنێم، کە ئازاری هەمووتانم داوە. زۆر پەشیمانم. بەڵێنتان دەدەمێ، کە ئیتر ئەم رەفتارە ناشیرینە دووبارە ناکەمەوە و دڵی کەستان ناڕەنجێنم. بە رۆحێکی وەرزشییەوە داواتان لێدەکەم کە لێم ببوورن.

منیش بە ناوی هاوڕێیانی ئەندامانی تیپەکەمانەوە، وتم:"شێرۆ گیان، تۆ هاوڕێیەکی خۆشەویستمانی و حەزمان نەکرد درێژە بەم رەفتارەت بدەیت. لێت دەبوورین."

شێرۆ زۆر سوپاسی هەمووومانی کرد. بەڵێنەکەی هێنایەدی. لەوە دوا بە خۆشی و شادییەوە یاریمان دەکرد و بە خۆشیشەوە کۆتاییمان پێ دەهێنا.

# ملوانکەکەی داپیرەم

ماڵی داپیرەم لە گەڕەکێکی شاری (مەهاباد) ە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەگەڵ کوڕە بچووکەکەیدا، خاڵە (دڵشاد) م، لە خانوویەکی گەورەدا دەژین، کە شەش ژووری تێدایە. ئەم خانووەش لە باب و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە.
ماڵی ئێمەش لە گەڕەکێکی تری شاری مەهاباد دایە، زۆر لە ماڵی داپیرەمەوە دوورنین، زوو سەردانی یەکتری دەکەین. بە تایبەتیش داپیرەم زوو زوو سەرمان لێدەدات. زۆر ئێمەی خۆشدەوێت. هەر بە (کچە جوانەکەم ) ناوم دەبات. من و دایکم و باوکم و کاکە (خەبات) یشم زۆر ئەومان خۆشدەوێت و زۆریش ڕێزی لێدەگرین.
ئەمساڵ من لە پۆلی پێنجەمی قوتابخانەی بنەڕەتی دام. هەر لە سەرەتای ساڵەوە، داپیرەم پێی وتم: خەندە گیان، کچە جوانەکەم. ئەمساڵ بۆ جەژنی نەورۆز من دەستێ جلی تازەی کوردیت بە دیاری بۆ دەکڕم.

دوو ڕۆژ لە پێش جەژنی نەورۆز دا، داپیرەم هات بۆ ماڵمان، دەستێ جلی تازەی کوردی ڕەنگاوڕەنگی زۆر جوانی بۆم کڕیبوو و بۆمی هێنا. لەبەرم کرد، زور جوان و پڕ بە بەربرم بوون زۆر سوپاسی داپیرەم کرد. هەر لە منداڵیمەوە زۆر لە شەوان داپیرەم چیرۆکی فۆلکلۆری کوردی زۆر خۆشی بۆ دەگێڕامەوە. زۆربەیانم لەبیرە. داوام لێکرد کە بۆ ئەمشەویش چیرۆکێکی کوردی ترم بۆ بگێڕێتەوە.

داپیرە: خەندە گیان، ئێستا چیرۆکێکی بەسەرهاتی ڕاستی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە.

پرسیم: بەسەرهاتێکی خۆشە یا ناخۆشە؟

داپیرە: ناخۆشە و خۆشیشە. منداڵ بووم، لە تەمەنی تۆدا بووم، واتە دە ساڵان بووم. لە پۆلی چوارەمی سەرەتاییدا بووم. کچۆڵەیەکی جوانکیلە و خۆشەویست بووم. تەنیا خوشکی سێ برا بووم. هەموویان منیان زۆر خۆشدەویست، بە تایبەتیش دایکم. وەکوو ئێستا بەر لە جەژنی نەورۆز، دایکم دەستی جلی تازەی کوردی ڕەنگاوڕەنگی بۆم دووری. ملوانکەیەکی زۆر جوانیشی کردە ملم. کاتی خۆی باوکم پێشکەشی کردبوو. ملوانکەکە زۆر جوان و مووروەکانی هەریەکە لە ڕەنگێک بوون. زۆر لە دڵمدا جوان و شیرین بوو، بێجگە لە جوانییەکەی، دیاری و یادگاری دایکم بوو. کە دەچووم بۆ قوتابخانە، لە ترسی ئەوەی کە نەبچرێتەوە یا ون نەبێت. لە ملم دامدەکەن و لەناو شتێکدا لە شوێنێکی ماڵەکەمان دامدەنا.. کە دەهاتمەوە لە ملم دەکرد.

ڕۆژێک کە لە قوتابخانە گەڕامەوە. هەرچەندم کرد نەهاتەوە بیرم کە ملوانکەکەم لە کوێ داناوە. لەگەڵ دایکمدا زۆر بۆی گەڕاین، بەڵام نەماندۆزییەوە. گریام و خەمێکی زۆرم خوارد. دایکم دڵمی دایەوە و وتی:"خەم مەخۆ ملوانکەیەکی ترت بۆ دەکڕم" بەڵام ڕازی نەبووم، چونکە هیچ ملوانکەیەک وەک ئەو ملوانکەیەم دڵخۆشی نەدەکردم.

ساڵ ڕۆیی و ساڵ هات، گەورە بووم و بووم بە کچێکی تەواو. شووم بە (دیاکۆ) ی باپیرەت کرد. سێ کوڕ و دوو کچمان هەیە، کە یەکێکیان (دڵسۆز) ی دایکتە، ئەوی تریان پوورە (میدیا) تە. دایکیشت شووی کرد، تۆ و کاکە (خەبات)ی براتی هەیە. دوای ئەو هەموو ڕۆژگار و تەمەنە.. ملوانکە بزربووەکەم لەبیرنەچۆوە و جاروبار کە دەهاتەوە بەرچاوم، هەناسەیەکی قووڵم بۆی هەڵدەکێشا.

پرسیم: هەر نەدۆزرایەوە؟

داپیرە: خەندە گیان، وەکوو دەزانی و بینیوتە، کە ژوورێکی گەورەمان لە خانووەکەماندا هەیە و کلیلمان داوە. لە کاتی دایک و باوکمدا، هەر شتێکی زیادەمان ببوایە، یا پێویستیمان پێی نەمایە، یا شتێکی تازەمان بکڕیایە، کۆنەکەمان دەخستە ئەو ژوورەوە. شتی هەمەڕەنگەی جوان و کۆن وکەلەپووری بەنرخی تێدایە.

پێری لەگەڵ خاڵ و خاڵۆژنتدا بڕیامان دا، کە هەموومان شتەکانی ناو ئەو ژوورە پاک بشۆرین یا بیان سڕینەوە و سەرلەنوێ بە ڕێکی دایان بنێین. ژوورەکە پڕبوو لە جاڵجاڵۆکە. قۆرییەکی گەورەی چینی جوان لەسەر ڕەفتی قەد دیواری ژوورەکە دانرابوو. دامگرت بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئەو شتانەدا دایبنێم کە بۆ شۆرین دامان نابوون. خڕە خڕێک لە قۆرییەکەوە هات.. قەباغی قۆرییەکەم لادا.. بینیم ملوانکەکەم لەناو قۆرییەکە دایە. خەریکبوو لە خۆشییا گەشەگەدارببم و ببوورێمەوە. قسەم بۆ ناکرا. هاتەوە بیرم کە ئەو ڕۆژەی نەماندۆزییەوە، خۆم پیش ئەوەی کە بچم بۆ قوتابخانە خستمە ناو ئەم قۆرییەوە. پاک شۆریم و کردمە ملم. وا هەستم دەکرد، کە کیژۆڵە جوانکیلەکەی ئەو ڕۆژەم، کە بۆ یەکەمین جار دایکم لە ملی کردم.

پرسیم: ئەی کوا ملوانکەکەت.. لە ملت نییە.. بۆ نەتهێنا تا پێشانی منی بدەیت؟

داپیرە: کچە جوانەکەم.. وەرە پێشەوە.. چاوەکانت بنووقێنە.

چوومە پێشەوە و چاوەکانم نووقاند.. ملوانکەکەی کردە ملم و وتی: پێشکەشت بێ. کە چاوەکانم کردەوە و ملوانکەکەم بینی.. خەریکبوو لە خۆشیا باڵبگرم و هەڵبفڕم. باوەشم لە داپیرەم دا. تێر تێر ڕوومەتەکانیم ماچکرد.. زۆر زۆریش سوپاسم کرد.

داپیرە: خەندە گیان، کچە جوانەکەم.. ئاگات لە ملوانکەکەت بێت، بزری نەکەیت، تا وەکوو من خەفەتی بۆ نەخۆیت.

وتم: دڵنیابە زۆر ئاگام لێی دەبێت.. چونکە ئەمە جوانترین دیاری و یادگاریی تۆی داپیرەی خۆشەویستمانە.

# کــەو و رێــوی

بەیـانی رۆژێـکی بەهـار، لە دامێنی چیـای هـەڵگـورد لە باشووری کوردستـان، لەسەر تاشـە بەردێـکی قـووچ و بـەرزدا، کـەوێـک نیشتبـۆوە. پڕ بە گـەرووی دەیـقـاسپـانـد. رێوییەک بینی و لە خۆشیدا کـەوتە هـەڵپـەڕین.

رێوییەکە: ئای کە کەوێکی جـوان و قـەڵەوە. گۆشتی ئەمڕۆمان دەرچـوو. بەڵام با بیر لە فێڵێک بکەمەوە و لێی نزیک ببمەوە، تا بتوانـم بە ئـاسـانی بیگـرم و حەپـەلـۆشی بـکەم ـ دوای کـەمێک بیرکـردنەوە ـ پێمـوایە فێڵێکی باشـە. دەی پێـویستـە زووبـکەم تا هـەڵنەفڕیـوە.

رێوییەکە بە ئەسپایی و بە مـاتە مـات رۆیی و لە کـەوەکە نـزیـک بـۆوە.

رێوییەکە: بەیـانیت باش هـاوڕێ گیان، ئـەی کـەوی دەنگخـۆش، ئـەی شاهـونـەرمەنـدی باڵنـدەکان، بە راستی خـاوەنی دەنگێکی نـاوازە و ئەفسوونـاویت. مـن زۆر سـەرسامی جـوانی و دەنـگە زوڵاڵ و خۆشـەکـەتـم.

کـەوەکە: زۆر سوپاس

رێوییەکە: ئەوەشم بیستووە، کە تـۆ بەهـرەیەکی زۆر باشیشت لە نوانـدن و لە لاسایی کـردنەوەدا هـەیە. بەڵام من بە چـاوی خـۆم هیچ نـوانـدنێکـم لێت نەبیـنیوە. دەتـوانیت ئـەم تـوانـایـەت و راستییـەشـم بـۆ بسەلـمێنیت؟

کەوەکە بە زمـان لووسی و ئەم پێیا هەڵـدانەی رێوییەکە بڕوای کرد و پێی فشەوە بوو.

کـەوەکە: چـی بـکـەم تـا بـۆتی بسـەلـمێنم؟

رێوییەکە: دەتـوانیت رۆڵـی کەسێکی چاو نـووقـاوی نـووستـوو ببینیت؟

کـەوەکە: بـۆ نـاتـوانـم، لەمـە ئاسـانتر نییە.

کـەوکە سـەری کـردە سەر تاشـە بەردەکـە و هـەردوو چـاوی نـووقـانـد.

رێوییەکە یەکسەر پەلاماری کەوەکەی دا و بە دانـەکانی هەردوو باڵی گـرت و بـردی.

کـەوەکە زانی تێکەوت و کـۆتـایی ژیانێتی و رێـوییەکە دەیخـوات. کەوتە بیرکـردنەوە. بیـرۆکەی فێڵێکی باش بە خەیـاڵیـدا هـات. دوا ترووسکەی هیوای بوو بۆ رزگـاربوون لە مـردن.

کـەوکە: رێـوی گیان دەزانـم دەمخـۆیت. لەوانەیە بە خواردنی من تێر نەبیت. بەڵام من لەم نزیکانە کـونە کەروێشکـێک دەزانـم لە کوێیە.. پێش ئێستا دوو کەروێشکی قـەڵەو و خرپنـم بینی چـوونە کونەکەیـانەوە.. لە ئێستادا نووسـتوون. گـەر کونەکـەیانت پێشان

بدەم، بە ئاسانی دەتوانیت هەردووکیان بگریت و خۆت مەستی گۆشت کەروێشک بکەیت. بەڵام بە مەرجێک پێشانت دەدەم، کە بە دەنگێکی بەرز و بە خێرایی هاوار بکەیت و بڵێیت:"لاولاو".

ڕێوییەکە بە قسەکانی کەوەکە بڕوای کرد و لە دڵی خۆیدا وتی: دوو کەروێشکی قەڵەو، بەشی دوو ڕۆژم دەکەن. ئای کە گۆشتی کەروێشک خۆش و بەتامە. خۆ ئەگەر هەردووکیانیش نەگرم یەکێکیان هەر دەگرم. چی تێ دەچێت کە بە دەنگێکی بەرز هاواربکەم و بڵێم " لاولاو ".
ڕێوییەکە کە دەمی کردەوە کە بڵێت "لاولاو" یەکسەر کەوەکە لە دەمی بەربوو و ڕزگاری بوو و هەڵفڕی.. چوو لە قەدپاکی چیای هەڵگوردا نیشتەوە.

ڕێوییەکە ـ لەبەر خۆیەوە: کەی من وا گەمژە بوومە، بە ئاسانی بخەڵەتێم؟

کەوکە ـ لەبەرخۆیەوە: نازانم چۆن بڕوام بە قسەکانی ئەو ڕێوییە کرد؟ ڕێوی هەر ڕێوییە، گەر کەوڵەکەشی بگۆڕێت.. ئەی کورد ناڵێت:
"ڕێوی بە فێڵ ناوەستێ ...... مەگەر تەڵە بیبەستێ"
پێویستە پەند لەم بەسەرهاتەم وەربگرم و دووبارە هەڵنەخەڵەتێم.

# مامەی چیرۆکفرۆش

مام فەرهاد لە گوندێکی گەورەی کوردستاندا، لەگەڵ خێزانەکەیدا بە خۆشی دەژیان. پیاوێکی چیرۆکخوانی روخۆش و قسەخۆش بوو. هەمووان خۆشیان دەویست. تا رادەیەکیش دەیتوانی بە کوردی بخوێنێتەوە و بنووسیت.

مام فەرهاد هەر لە منداڵییەوە هۆگری چیرۆک بوو. لە داپیرە و باپیرە و لە ژنان و پیاوانی گوندەکەیان و لە گوندە نزیکەکانی گوندەکەیانەوە، بە دەیان حیکایەت و چیرۆکی فۆلکلۆری و میللیی رەسەنی کوردیی لێیان وەرگرت. زۆر جار بە خۆشییەوە ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵانی گوندەکەیان دەگێرایەوە و خۆشیی دەخستە دڵیانەوە.

مام فەرهاد و پوورە گوڵچینی خێزانی. کچێک و کوڕێکی جوان و زیرەکیان هەبوو. لە قوتابخانەی گوندەکەیاندا، قۆناغی خوێندنی سەرەتاییان تەواوکرد. بەڵام قوتابخانەی ناوەندی لە گوندەکەیان نەبوو، تا درێژە بە خوێندن بدەن. لە پێناوی ئەوەی کە کچەکە و کوڕەکەیان درێژە بە خوێندن بدەن. مانگا و بزن و مەڕەکانی فرۆشتن و لە شاری سلێمانی خانوویەکی کڕی.ماڵیان باریکرد و لە سلێمانی نیشتەجێ بوون.

کچەکە و کوڕەکەیان، لە قوتابخانەی ناوەندی وەرگیران و درێژەیان بە خوێندن دا. مام فەرهاد ماوەیەک بە دوای کاردا گەرا، بەڵام هیچ کارێکی دەست نەکەوت. کەوتە بیرکردنەوە، کە دەبێت کارێک بکات بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەیان.

پوورە گوڵچین: پیاوەکە خەرجیمان بەرەو کەمی دەڕوات، پێویستە کارێک بدۆزیتەوە.

مام فەرهاد: بیرم لە کارێک کردۆتەوە.. بە نیازم لە بەیانییەوە تاقیی بکەمەوە.

پوورە گوڵچین: بیرت لە چی کارێک کردۆتەوە؟

مام فەرهاد: بیرم لەوە کردۆتەوە کە رۆژی چەند چیرۆکێک لە چیرۆکەکانم بفرۆشم؟

پوورە گوڵچین ـ بە پێکەنینەوە: چیرۆکەکانت دەفرۆشیت؟ جا کێ چیرۆکت لێدەکڕێت؟

مام فەرهاد: بە منداڵانی گەڕەکانی شار دەیانفرۆشم.

دوای نیوەڕۆی رۆژی دوایی مام فەرهاد، چووە کۆڵانێکی قەڵەباڵغی گەڕەکێکی سلێمانی. منداڵانێکی زۆر لە دەرەوە بوون، چەند ژنێکیش لەبەردەم دەرگاکانیان دانیشتبوون و ئاگایان لە منداڵەکانیان بوو.

مام فەرهاد بە دەنگێکی بەرز: چیرۆک.. چیرۆک.. چیرۆکی خۆش دەفرۆشم.

ژنێک: مامەکە تیرۆک دەفرۆشیت.. ئەی کوان تیرۆکەکانت؟

مام فەرهاد: نا خۆشکە گیان.. تیرۆک نا.. چیرۆک و حیکایەت دەفرۆشم.

منداڵان لێی کۆبوونەوە: مامە گیان کوان چیرۆکەکانت؟

مام فەرهاد دەستی برد بۆ سەری و وتی: ڕۆڵەکانم، چیرۆکەکانم لێرەدان.

منداڵەکان بە کوڵ دەستیان بە قاقای پێکەنین کرد. پێشتر گوێیان لە شتی وا نەببوو.

مام فەرهاد: گەر هەریەکەتان بچن لەلای دایکانتان. کەمێک پارە بێنن و چیرۆکێکم لێبکڕن. زۆر زیاتر پێدەکەنن.

منداڵەکان چوون و لەلای دایکانیان پارەیان هێنا و دایان بە مام فەرهاد و لە دەوریدا دانیشتن و جوان گوێیان لێیگرت.

مام فەرهاد چیرۆکێکی کۆمیدیی خۆشی بۆ گێڕانەوە. منداڵەکان زۆر پێکەنین.

منداڵەکان: مامەی چیرۆکفرۆش، سبەینێش وەرەوە چیرۆکێکی ترت لێدەکڕین.

مام فەرهاد ئەو ڕۆژە لە سێ کۆڵانی ئەو گەڕەکەدا، سێ چیرۆکی بە منداڵان فرۆشت و پارەیەکی باشی دەستکەوت. لەو ڕۆژەشەوە منداڵان بە " مامەی چیرۆکفرۆش" ناویان دەبرد.

هاتەوە بۆ ماڵەوە و پارەکەی دا بە پوورە گوڵچین و وتی: گوڵچین خان ئەم پارەیە وەربگرە، بەیانی بازاڕییەکی باشمان بۆ بکە.

پوورە گوڵچین: فەرهاد گیان، ئەم پارەیەت لە کوێ بوو؟

مام فەرهاد: ئەی نەموت چیرۆکەکانم دەفرۆشم. ئەمە پارەی فرۆشتنی سێ چیرۆکمە.

لەو ڕۆژەوە کە مام فەرهاد، ڕووی لە هەر کۆڵانێک دەکرد، منداڵان بە خۆشییەوە، بانگیان دەکرد: وەرە ورە مامەی چیرۆکفرۆش، چیرۆکت لێدەکڕین.

لە ماوەی ساڵێکدا، مام فەرهاد پارەیەکی باشی دەستکەوت. کتێبخانەیەکی باشی دانا. لەگەڵ چاپخانەیەکیشدا ڕێکەوت. هەرجارەی چەند چیرۆکێک لە چیرۆکەکانی چاپ دەکرد و بڵاوی دەکردنەوە. لە ماوەیەکی کەمدا دەفرۆشران. کتێبخانەکەشی فراوانتر کرد. تا دەهات ژمارەی کتێبەکانی کتێبخانەکەی زیاتر دەبوون، کتێبکڕێکی زیاتریش بوون بە ئاشنای.
کچەکەی و کوڕەکەشی ئامادەییان تەواوکرد و لە زانکۆی سلێمانیدا وەرگیران.

# دو کـەوی ژیـر

دو کەوباز، دو کـەوی نێرەی ئـازایان هـەبون. لەنـاو قـەفـەزدا بەنـدیان کـردبون. ڕۆژێک هەردو کەوبـازەکە، گرەویان لەسەر ئەوە کرد، کە کەوەکەی کێیان لەوی تریان ئـازاتـرە. ڕێککـەوتن کـە کەوەکـانیان بەشـەڕبـدەن. بە هـەردوکیـان کـاسێکی گـەورەی زیـوینیان کڕی. کەوەکـەی کێیان شەڕەکـە بباتـەوە، کـاسە زیوینییەکە بـۆ خـاوەنی ئـەو کەوەیـان دەبێـت.

هـەردو کەوبـازەکە کـاتی بەشـەڕدانی کەوەکانیان دیاریکـرد، شوێنیش باخچـەیەک بـو. کـۆمـەڵێک کەسیشیان بـۆ بینـینی ئـەم شـەڕە بانگکـردبون. هەمـویان لـەو کاتـەدا لە باخچـەکەدا ئـامـادەبـون. کەوەکانیان لە قەفـەزەکانیان دەرهێنان. شەڕەکە دەستیـپێکـرد. کەوەکان بە دەنـوک و بە نینۆکەکانیان، پەڕێکی زۆریـان لە یەکـتری هەڵکـێشا، سەر و دەموچاوی یەکتریان بریندار کرد. هەردوکیان تەواو ماندوبون، هێزی شەڕکردنیان نەما. نەما. ئینجا وازیـان لە یەکتری هێنا. لەم شەڕەدا نە سەرکەوتو و نە بەزیو، نە براوە و نە دۆڕاو هـەبون. بـەڵام هـەردو کـەوەکە ئـازارێکی زۆریـان بـە یەکـتری گەیـانـد.

ئەم کۆتاییە بە دڵی دو کەوبازەکە و بە دڵی بینەران نەبـو. هەردو کەوەبـازەکە بڕیاریـان دا، کە لە هـەمـان کـاتـدا لە یەکـەمـین ڕۆژی مـانـگی داهـاتـودا، هـەر لـەو باخچـەیـەدا، دوبـارە کەوەکـانیـان بەشـەڕبـدەن.

هەردو کەوەکە، بێ ئەوەی بە یەکتری بزانـن، بیریـان کـردەوە، زۆر پەشیمان بـونـەوە.

کەوی یەکـەم:"ئێمە لە پێناوی چیدا، بە هاندانی ئەم دو کەوبـازە، ئەم شەڕەمـان لەگەڵ یەکتریدا کرد و وامـان بەسەر یەکـتری هێناوە؟ گەوجییەکی گەورەمـان کرد. گـریـم مـن بەسـەر کەوەکـەی بەرانبەرمـدا سەرکـەوتـم. ئایـە خاوەنـەکەم ئـازادم دەکـات؟ بێگـومان نەخـێر. چەندین شەڕی ترم پێدەکات.. تیاش بچم ئەو چی باکـێتی! بەڵـێنبـێت ئیتر شـەڕ لەگـەڵ هیچ کـەوێـکدا نـاکـەم".

کەوی دوەم:" زۆر پەشیمانـم، لەو شەڕەی کە لەگەڵ ئـەو کەوە هـاوڕەگـەزەمدا کـردم. ئـەو یا مـن سەربکـەوتـمایە. لە زیـان زیـاتـر، چی سـوودێکی بـۆ ئێمە هـەیـە؟ ئـازادی و ژیـانیان لێداگیرکـردویـن.. لە قەفـەزدا بەنـدیـان کـردوین.. ئەمە کـەی ژیـانـە؟! ئـەم هەڵـەیە دوبـارە نـاکەمـەوە.. بیرم لەوە کـردۆتەوە کە لەو کاتەدا پێکـەوە هەڵفڕیـن"

برینەکـانی کەوەکـان سارێـژبـون، پەڕەکـانی باڵەکـانیشیان درێـژتـر بـون. یـەکی مانگی تـازەیە. هـەردو کەوبـازەکە و بینـەرانـێکی زیـاتر لـە هەمـان کـات و لـەو بـاخچـەیـەدا، ئـامـادەبـون. کەوەکـانیان بـەرەڵـلاکـردن. بـە ئـارامییەوە چـون بـە لای یەکـترییـەوە.

کەوی دوەم بە گوێی کەوی یەکەمدا چرپاندی و وتی:"براکەم، دڵنیابە کە من شەڕت لەگەڵدا ناکەم.. بڕیارم داوە کە هەڵفڕم.. ئایە تۆش ئامادەی کە پێکەوە یەکسەر هەڵفڕین؟"

کەوی یەکەم:" منیش ئەو بەڵێنەم داوە، کە شەڕت لەگەڵدا نەکەم. بەڵێ ئامادەی هەڵفڕینم.. با رزگارمان بێت"

هەردو کەوەکە، دەرفەتیان لەدەست نەدا و لەوە زیاتر درێژەیان بە قسەکردن نەدا. پێکەوە یەکسەر دایان لە شەقەی باڵ و هەڵفڕین.. تا لەچاو ونبون.. خۆیان گەیاندە سەر لوتکەی چیایەکی بەرزی کوردستان. لە قەفەز و لە بەندی و لە شەڕ ڕزگاریان بو. هەوای ئازادییان هەڵمژی.. فێری پەند و وانەیەکی باشیش بوون.

# لانـه و دەسـتـەکـانی دایکی

گوڵنـاز و شابـاز، کچێکی جوانکیلەی نۆ مانـگانیـان هەبوو. نـاوی "لانـە" بـوو.

ڕۆژێکی هـاوین، شاباز وەک ڕۆژانی تر زوو لە خەو هەڵسا. دوای نـان خواردن، چوو بۆ سەر کـارەکەی. گوڵنـاز خـانیش تەشتێ هـەویری شێلا بـۆ ئـەوەی بیکات بە نـان.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، لانەی تێر شیر کرد. تاوێک هەڵیپەڕاند و یاریی لەگەڵدا کرد. ئینجا خستییە ناو لانکەکەی، لەگەڵ ڕازەنیندا لایلایەی بۆ دەکرد. لانـە خەوی لێکەوت.

گوڵنـاز خان تەنـوورەکەی داخست. سەبەتەیەک نان و کولێرە بە کونجی جوانی کرد. وەک هـەموو جارێـک کە نـانی دەکـرد، چـوار نـان و سێ کـولـێرەی جیاکـردەوە. کە بیبات بۆ نەنـە گـوڵچین، پیـرەژنێکی هـەژار و بێکـەس بـوو. ماڵـەکەی لە ئەوسەری کۆڵانـەکەیـان بـوو.

گوڵنـاز خـان: ئـەم نـان و کولـێرانە دەبـەم بۆ نەنـە گـوڵچین، زوو دەگەڕێمـەوە، پێش ئـەوەی کە لانـە لە خـەو هـەڵبسێت.

گۆڵنـاز خان چـوو بۆ ماڵی نەنـە گوڵچین. هـەر لە بەردەم دەرگای ماڵکەیـدا، نانەکانی دایـی. مـاوەیـەکی کـەم پێـکەوە وەسـتـان. لـەم کـاتـەدا، دەنـگی هـۆڕیـنی ئـۆتـۆمبێـلی ئاگرکوژێنـەوە هات. گوڵنـاز خان دڵی داخورپا و ترسا. نەنـە گوڵچین هەستی پێکرد.

نەنـە گوڵچین: کچم دڵت نەترسێ. ئەمە شارە و زۆر شت تێیدا ڕوودەدات، لەوانەیە ئاگـر لە پـووش و پـەڵاش بەربـووبێت.
لەم کاتەدا، دوو ئـۆتـۆمبێلی ئاگرکـوژێنەوە و ئـۆتـۆمبێلێکی فـریـاکەوتن (ئەمبوڵانس) بە بەردەمیانـدا تێپەڕین. خەڵکیش بە دوایاندا رایـان کرد. گوڵنازیش لەگەڵ خەڵکەکەدا رایکـرد. لـە دوورەوە بینـی ئـاگـر و دوکـەڵ لە خانـووەکەیانەوە بەرزبـوونـەتـەوە. کە گەیشتە بەردەم ماڵەکەیـان، پڕ بە دەم هـاواری کـرد: کچـەکەم.. ئـەی هـاوار کچەکـەم. تەکـانیدا کە بچێتە ژوورەوە، پیـاوانی ئاگـرکـوژێنـەوە، گـرتیان و پێیـان وت: نـەڕۆی دەسـووتێی.
گوڵنـاز خـان خۆی لە دەستیان راپسکاند و بەنـاو گڕی ئاگـر و چڕە دوکـەڵدا خـۆی گەیـانـدە لای لانکەکەی لانـە. خۆشبەختانە ئاگرەکە نەگەیشـتبووە ژوورەکـەی لانـە. زۆر بـە خێرایی لانـەی لە لانـکەکـەی دەرهێـنا. بـە خێرایتریـش بەتـانـییەکی لە ئـاو هەڵکێشا و ئاڵانـدی بە لانـەوە و گـرتی بە باوەشییەوە. بەناو ئاگرەکەدا هـاتە دەرەوە. لانـە هیـچی لێنەهـاتبـوو. بـەڵام دەستەکـانی گوڵنـاز خـان زۆر سووتـابـوون.

ژنـانی هاوسێیان لانـەیان لە گوڵناز خان وەرگرت. ئۆتۆمبێلی فـریاکەوتنەکەش، یەکسەر گوڵنـاز خـانی بـۆ نەخـۆشخـانە بـرد. پیـاوانی ئـاگـرکوژێنـەوە ئاگـرەکەیـان گـوژانـدەوە.

دوای دو هەفتە لە تیمارکردن، گوڵناز خان لە نەخۆشخانە دەرچوو. بەڵام شوێنەواری سووتاوییەکە بە دەستەکانییەوە دیاربوو. پێستی دەستەکانی سوور و کورژەوە ببوون.

گوڵناز خان: بە لامەوە گرنگ ئەوەیە، کە لانەی کچم لە سووتان رزگارکرد و هیچی لێنەهاتووە.

تەمەنی لانە بوو بە نۆ ساڵ، لە پۆلی چوارەمی قوتابخانەی بنەڕەتیدا بوو. تا ئەو رۆژە لە دایکی نەپرسیبوو، کە بۆچی دەستەکانی سوورهەڵگەڕاو و هەڵقرچاون. دایکیشی ئەوەی بە خەیاڵدا دەهات، کە رۆژێک لە رۆژان، لانە پرسیاری ناشیرینی دەستەکانی لێبکات.

لانە: دایکە پێستی دەستەکانت بۆ سورهەڵگەڕاو و ناشیرینن؟

گوڵناز خان کە رۆژی ئاگر بەربوون لە ماڵەکەیانی هاتەوە بیر و بەرچاوێ، کە چۆن لەناو ئاگر و دوکەڵدا لانەی جگەرگۆشەی لە سووتان رزگارکرد. تەزوو بە لەشیدا هات و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک.

لانە: دایکە وابزانم بە هەڵە ئەم پرسیارەم لێتکرد. بۆ چاوەکانت پڕبوونە لە فرمێسک؟

گوڵناز خان: نا کچی شیرینم. ئێستا بۆت دەگێڕمەوە، دەستەکانم بۆ وا ناشیرینن. دەستەکانم سپی و جوان و خەپانە بوون. وەک ئێستا پێستەکەی سوورهەڵگەڕا و چرچ و ناشیرین نەبوون.. بەسەرهاتی سووتانی ماڵەکەیان و چۆنێتی رزگارکردنی و سووتانی دەستەکانی بۆ گێڕایەوە.

لانە کە چیرۆکی سووتانی دەستەکانی دایکی زانی، گریا و چاوە گەشەکانی پڕبوون لە فرمێسک. باوەشی بە دایکیدا کرد و تێر روومەتەکانی و دەستەکانی ماچ کرد.

لانە: دایکە گیان، لێم ببوورە. لە ئەمڕۆ دەستەکانی تۆ، جوانترین دەستی دایکن لە جیهاندا. ئەم دەستانەی تۆ منیان لە سووتان و مردن رزگارکرد.

# شـازادە و مامـۆسـتاکەی

لە سەردەمـێکی کـۆنـدا، شـایەکی بە تەمـەن هـەبوو. ئەم شـایە تەنیا کچێکی لاوی هەبـوو، کە زۆری خۆشـدەویست.

شـا مامۆستایـەکی زیـرەکی تـەرخـان کـرد، کـە وانـە و بـابـەتی جـۆراوجـۆر و زانیـاری گشتی فێری کچـەکەی بکـات.

مامۆستاکەی بۆ مـاوەی سێ سـاڵ، رۆژی سێ وانـەی بە شازادە دەوتـەوە. گـەلی شتی بە سوودی فێرکـرد. بەڵام هەموو جارێک لە کۆتایی دوا وانەدا، مامۆستا بە ناڕەوایی و بەبێ هۆ، چـەپۆکێکی بـە دەستـێکی شـازادەدا دەکێشا..! شـازادە سـوور دەبـۆوە و زۆری پێ ناخـۆش بـوو. چـونکە هیچ هەڵـەیـەکی نەدەکـرد. چەنـد جارێک ویستی لـەم ستەم و نـاڕەواییەی کە مامۆسـتاکەی لـێیدەکات باوکی ئاگـادار بکاتەوە. بـەڵام دانی بە خۆیـدا گرت. لە دڵی خۆیدا، وتی: با بمێنت بۆ رۆژی خۆی و تۆڵەی خۆمی لێدەکەمەوە.

شـا کـۆچی دوایی کـرد. دوای چەنـد رۆژێـک شازادە شـوێنی بـاوکی گـرتـەوە. تـاجی شاهانـەیـان لەسـەری کـرد و بـە فـەرمی بـوو بـە شـای وڵاتـەکـەیـان.

شـازادە چەنـد رۆژێـک لە دوای وەرگـرتنی دەسـەڵاتی شـاهـانەی وڵاتـەکەی، نـاردی بـە دوای مامۆستاکەیـدا کە هـەر ئـێستا بێت و سـەردانی بکـات. مامۆسـتاکەی ئامادە بـوو.

مامۆستا (بە روویەکی خۆشەوە تەوقەی لەگەڵیدا کرد): پڕ بەدڵ جوانترین پیرۆزباییتان لێدەکـەم. هـیوای سەرکـەوتـن و تەمـەنـدرێژی و بـەختـەوەریتـان بـۆ دەخـوازم. ئـەم چەپکە گوڵـەش کـە وەکـوو خـۆت جـوانـە، پێشکـەشتانی دەکـەم.

شا (شازادە): سوپـاس مامـۆسـتـا. بـەڵام دەزانیت بـۆ بـانـگـم کـردووی؟

مامۆسـتا (بەزەردەخـەنەیـەکەوە): بـەڵـێ دەزانـم. دەزانـم لـێم دەپـرسیت بـۆ بـە نـاڕەوا هەمـوو رۆژێـک، ئـەو ستەمـەم لـێت دەکـرد و ئـەو چەپـۆکـانـەم بـە دەستا دەکێشا؟

شـا: بەڵێ بۆ ئـەم مەبەستە بانگـم کـردووی. ئێستا وەڵامـم بدەرەوە بۆ ئەو ستەمەت لێدەکـردم. هـیچ هـەڵـەیـەکـم هەبـوو.. هیچ شـتێکی نـاشـێرینت لـە من دەبـینێ؟

مامۆستا: شای لاومان، من دەمزانی کە باوکت بمرێت، تۆ دەبێت بـە شـای وڵاتـەکەمان. تۆ ئـێستا شایت و لـە لووتـکەی دەسەڵات دایت. هـەموو کـاروبارێـکی وڵاتـەکـەمان بە فەرمانی تـۆ بەڕێوە دەچـن. چیت بـوێ دەیکەیت و ڕێگـرت نییە. ئەگەر هاتـو خۆت یا وەزیرەکانت یا کاربەدەستە باڵاکانت، بەبێ هۆ و بە ناڕەوا ستەم لە هـەر هاوڵاتییەکمان بکـەن. تـۆ چـۆن ناڕەواییەکەی منت پێ نـاخـۆش بوو، لە دڵت گـرتـووە. کەسانی تـریش وەکوو تۆ ستەم و ناڕەواییـان پێ ناخۆش دەبێت. دەتـوانیت بە هـەوەسی خـۆت سزای

خەڵکی بدەیت. بەڵام ڕەنگە خەڵکی بترسن و نەوێرن گلەیی بکەن و سکاڵا لەسەرت تۆماربکەن. جا مەبەستی من لەو ستەم و ناڕەواییەی لێم دەکردیت ئەمەیە: کە هەست بەوە بکەیت کە ستەم و ناڕەوایی زۆر ناخۆشن. من تۆم بەقەی چاوەکانم خۆشدەوێ. تۆ زیرەک و ڕێزداریت، هیچ هەڵەیەک و هیچ شتێکی ناشیرینت نەکردووە. تەنیا مەبەستم ئەوەبوو، کە بزانیت ستەمکردن و ناڕەوایی زۆر ناخۆشن. گەر دەتەوێت سزاشم بدەیت لە بەردەستدام.. چەند چەپۆکم لێداویت، دوو هێندە چەپۆکم لێبدە.

شا کە گوێی لە قسەکانی مامۆستاکەی بوو، کە مەبەستی چەپۆکەکانی بۆ ڕوون کردەوە. هەستایە پێوە و دەستەکانی مامۆستاکەی ماچ کرد. سێ جاریش لەسەر یەکتری، سەری ڕێز و نوازشی بۆ مامۆستاکەی نەواند و زۆر بە گەرمیش سوپاسی کرد.

شا: مامۆستای دانا و زانا و دڵسۆزم، سوێند و بەڵێن بێت. کە بەبێ جیاوازی و بە چاوێکی یەکسانی و ڕێزەوە، سەیری هاوڵاتییەکانم بکەم. دەبمە شایەکی دڵسۆز و دادپەروەر و ڕەواناس. دەبمە خزمەتکارێکی گەلەکەم، هەموو ژیانم بۆ خۆشی و بەختەوەرییان تەرخان دەکەم. بە ڕۆژ و بە شەو بەسەریان دەکەمەوە. دەرگای کۆشکەکەشم، بۆ هەموو هاوڵاتییەکی وڵاتەکەم دەخەمە سەرپشت.. زیاتریش لە هەموو کەسێ ڕێز لە یاساکانی وڵاتەکەم دەگرم. بڕیاربێت ئەم بەڵێنانەشم نەک هەر قسەی ڕووت بن، بەڵکو بە کردار دەیان سەلمێنم.

شا، مامۆستاکەشی کرد بە وەزیری ڕۆشنبیری و بە ڕاوێژکاری خۆی.

# ئەوە باخچە نییە.. ئەوە نەندیخانەیە!

پار لە شاری دهۆک، لە پۆلی شەشەمی قوتابخانەی دهۆکی بنەڕەتی تێکەڵاو بووم. مامۆستا نیگار وانەی زانیارییەکانی پێدەوتینەوە. مامۆستایەکی زۆر رووخۆشە، بە زمانێکی شیرین و بە شێوازێکی سووک و ئاسان بابەتە زانیارییەکانی تێدەگەیاندین. بە کچە شیرینەکانم و بە کوڕە ژیرەکانم بانگی دەکردین. ئێمەش خۆشمان دەویست و خۆشمان دەوێت و رێزێکی زۆرمان بۆی هەیە.

مامۆستا نیگار، بە ناوی"گەشتی زانیاری" مانگی جارێک بە سواری پاس پۆلەکەمانی دەبرد بۆ چەند کارگەیەک و چەند کێڵگەیەک و بۆ وێستگەی کارەبا و بۆ وێستگەی پاڵاوتنی ئاوی دهۆک. خۆشی و سوودێکی باشمان لەو گەشتە زانیارییانەمان وەرگرت.

لە مانگی نەورۆزی ساڵی رابردوو، مامۆستا نیگار وتی:"کچە شیرینەکانم، کوڕە ژیرەکانم، پێتانخۆشە کە هەفتەی داهاتوو، گەشتی زانیاریمان بۆ "باخچەی ئاژەڵانی دهۆک بێت؟"
هەموومان دەستمان هەڵبڕی و پێکەوە: بەڵێ مامۆستا گیان زۆرمان پێخۆشە.

بەشێکی زۆری هاوڕێیانی پۆلەکەم، پێشتر جارێک یا زیاتر چووبوون بۆ باخچەی ئاژەڵانی دهۆک. بەڵام من تا ئەو رۆژە باخچەی ئاژەڵانی هیچ شوێنێکم نەدیبوو. بۆیە حەزم دەکرد، کە لە نزیکەوە ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان ببینم.

چووین بۆ باخچەی ئاژەڵانی دهۆک.. چەند جۆرە ئاژەڵ و باڵندەی کێوی جوانیان لێیە، وەکو: شێر، پڵنگ، گورگ، ورچ، ئاسکە، رێوی، چەقەڵ، هەڵۆ، کوندەپەپوو، کەو، سوێسکە، چەندین جۆری تری ئاژەڵ و باڵندەی سروشتی کوردستان.

هاوڕێکانم دڵخۆشبوون و زەردەخەنە کەوتە سەر لێوانیان. بەڵام من بە پێچەوانەی هاوڕێکانم، بە بینینی ئەو ئاژەڵ و باڵندانە لەناو ئەو شیشبەندە کلیلکراو و ژوورە تەسکانە و قەفەزە داخراوانەدا، دڵتەنگ بووم.. بەزەییم پێیان دەهاتەوە.. کە گەڕاینەوە بۆ قوتابخانە. وەکو گەشتەکانی ترمان، بە کورتی باسی گەشتەکەمان کرد.

مامۆستا نیگار: هەمووتان دڵخۆشبوون بە گەشتەمان بۆ باخچەی ئاژەڵانی دهۆک؟

هەموو هاوڕێیانی پۆلەکەمان: بەڵێ مامۆستا، گەشتێکی خۆش بوو.
بەڵام من لە دوای هاوڕێکانمەوە، دەستم هەڵبڕی و وتم: مامۆستا گیان، بە لای منەوە گەشتێکی خۆش نەبوو، بووە هۆی دڵتەنگیم.

مامۆستا نیگار: بۆ دلۆڤان، کچی شیرینم بۆ پێت خۆش نەبوو و بووە هۆی دڵتەنگیت؟

ـ ئەی مامۆستا گیان، بەڕێزتان چەند جارێک پێت نەوتین پێویستە بەزەییمان بە ئاژەڵ و باڵندەدا بێتەوە و دژی راوکردنیان بین؟

مامۆستا نیگار چاوەکانی کرانەوە و بە زەردەخەنەوە، وتی: بەڵێ راستە من واموت.

ـ مامۆستا گیان، هاوڕێکانم، بە چاوی خۆمان بینیمان، کە چۆن ئەو ئاژەڵ و باڵندە بەسزمانانە، لەناو ئەو شیشبەندە تەنگانە و قەفەز و ژورە تەسکانەدا، هەر ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد و لە ئێمەیان دەڕوانی.. وەکو لێمان بپاڕێنەوە، کە بەزەییمان پێیاندا بێتەوە و دەرگاکانی شیشبەند و ژور و قەفەزەکانیان لێبکەینەوە، دەرپەڕن و رابکەن و هەڵبفڕن و ئازادبن.
ئازادی بۆ مرۆڤ و بۆ ئاژەڵان و باڵندان، لە هەموو شتێ پێویستر و شیرینترە.

ئەوەی بینیمان باخچە ئاژەڵان نییە.. بەڵکو بەندیخانەی ئاژەڵان و باڵندانە.. باخچەی راستی ئەوان ژینگەی سروشتی جوانی کوردستانە.. کە بە ئازادی لێیدەژین.

مامۆستا نیگار کە گوێی لەم قسانەم بوو.. زۆر گەشایەوە و باوەشی لێدام.. هاوڕێکانیشم چەپڵەیەکی قایمیان بۆ لێدام.

مامۆستا نیگار: ئەی ئافەرین دلۆڤان گیان، قسەکانت زۆر جوان و راستن.. بە تەواوی لەگەڵ قسەکانتدام.. لە ئەمڕۆوە دەبم بە هاوڕێی بەزەیی بە ئاژەڵان و باڵندان.

هاوڕێیانی پۆلەکەم: مامۆستا گیان، ئێمەش قسەکانی دلۆڤانی هاوڕێمان بە جوان دەزانین، ئێمەش دەبین بە هاوڕێیانی بەزەیی بە ئاژەڵ و باڵندان و دژی راوکردن و بەندکردنیان.

# چۆلەکەکە بە نیشتمانەکەی شادبۆوە

لە دامێنی زنجیرە چیایەکی لوتکە بەرزی کوردستانی جواندا، دارستانێکی دار بەرزی هەمەچەشنە هەیە. لە ناوەڕاستی دارستانەکەدا، کانییەکی گەورەی ئاو سارد و شیرینی لێ هەیە. چۆلەکەیەکی لاو، لەسەر داربەڕوویەکی بەرزی نزیک کانییەکەدا، هێلانەیەکی دروستکرد. زۆر دڵخۆشبوو بە زێدی خۆی و بە هێلانە جوانەکەی.. بە ڕۆژ لەگەڵ هاوڕێکانیدا یاری خۆشیان دەکرد.. شەوانیش لە هێلانە گەرم و نەرمەکەیدا دەنوست.

ڕۆژێکی هاوین، پێش ڕۆژئاوابوون، بایەکی بەهێز هەڵیکرد.. چۆلەکەکە هەڵفڕی، ویستی بچێت لە کانییەکەدا ئاو بخواتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ناو هێلانەکەی.
لەپڕ گەردەلوولێکی زۆر گەورە و بەهێز و تیژ هەڵیکرد.. چۆلەکەکە کەوتە نێو گەردەلوولەکە و لەگەڵ خۆیدا بەرەو باشوور بردی.. چەندی کرد خۆی پێ ڕزگار نەکرا. بە درێژایی ئەو شەوە و بۆ ڕۆژی دوایش گەردەلوولەکە نەنیشتەوە.. بۆ شەوی دووەم هێدی هێدی هێواش و ئارام بۆوە، چۆلەکەکە کەوتە سەر زەوی و بورایەوە. خەریکبو بمرێت. هۆشی هاتەوە.. شەو بو نەیدەزانی کە ئەو شوێنە کوێیە، لە پاڵ بنچکێکدا هەڵنیشت، بەڵام لە ترسان و لەبەر ماندوبوون و ئازاری گیانی و توینێتی و برسێتی خەوی لێ نەدەکەوت.

بەیانی کە ڕۆژ هەڵات، چۆلەکەکە، بینی ئەو شوێنە، دەشتێکی لماوی چۆڵی پڕ لە دڕک و عاگوول و بنچکە.. چاڵە ئاوێکی بینی، ئاوەکەی شوێر و تاڵ بو، بە ناچاری سی و چوار قوم ئاوی خواردەوە.. کەمێک چینەی کرد.

چۆلەکەکە: ئێرە نیشتمانی من نیە. هەرگیز ناتوانم لێرەدا بژیم، نە شاخی بەفرین و نە باخی ڕەنگینی لێیە.. دەبێت بفڕم و بگەڕێمەوە بۆ نیشتمانە سەوز و جوانەکەی خۆم.

چۆلەکەکە قۆناغ بە قۆناغ بەرەو باکوور فڕی.. ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتە زنجیرە گردۆڵکەیەکی ڕوت و وشک.. لەبن تاشەبەردێکی گەورەدا هەڵنیشت، بەڵام خەوی لێ نەکەوت، بیری هەر لای نیشتمانەکەی بوو.

چۆلەکەکە لە بەیانی دوەم ڕۆژیشدا، قۆناغ بە قۆناغ فڕی.. بۆ ئێوارەکەی گەیشتە ڕیزە دارخورمایەک، لەسەر دارخورمایەکدا هەڵنیشت، ئەو شەوەش خەوی لێنەکەوت.
چۆلەکەکە: ئێرەش نیشتمانی من نیە.. نیشتمانی من پڕ لە ڕێواس و داربەڕوو و گوێز و گێوژ و قەزوان و هەنار و هەنجیرە.

بەیانی کە ڕۆژ هەڵات، چۆلەکەکە بەرەو باکوور درێژەی بە فڕین دا.. دوای نیوەڕۆ لە دوورەوە زنجیرە چیایەکی بەرزی بینی، ناسییەوە کە ئەو زنجیرە چیایەی کوردستانە کە بەسەر دارستانەکەدا دەڕوانێت و داربەڕووەکە و هێلانەی لێیە. زۆر گەشایەوە و

هیوادار و دڵخۆشبوو. گوڕ و تینێکی زیاتر کەوتە هەناوی و تیژتریش فڕی.. پێش ڕۆژئاواوون گەیشتەوە دارستانەکەی زێدی.. لە کانییەکەدا تێر ئاوی خواردەوە. فڕی و لەسەر داربەڕووەکەدا نیشتەوە و چووە ناو هێلانەکەی.
چۆلەکەکە: ئۆخەی کە نەمردم و بە نیشتمانە جوان و شیرینەکەم شادبوومەوە.
یەکسەر چاوەکانی نوقاند و خەوی لێکەوت.

# گـەشـبین و باوەگـوڕگـوڕ

گەشبین کچۆڵەیەکی زیرەک و رووخۆشە، ئەمساڵ لە پۆلی شەشەمە، لە (قوتابخانەی قەندیل)ی بنەڕەتی لە گەڕەکی رەحیماوا، لە شاری کەرکوک، لە باشووری کوردستان.

گەشبین لە بەرەبەیانی رۆژی دوو شەممە (16/ ئوکتـۆبەر/2017) لە زرمەی تـۆپ و لە نەڕ و هـۆڕی تانک و زرێپۆش لە خەو راپەڕی.. بینی دایک و باوک و دیاکۆی برا گەورەشی لە خـەو هەستاون و هەمـوویان بە دڵتەنگی و بە خەمبارییەوە دانیشتوون، رەنگ بە روویانەوە نەماوە.

گەشبین: باوکـە، دایـکە گیـان، چی روویـداوە؟ ئـەم زرم هـۆڕ و تەقـەکردنە چییە؟!
باوکی: کچـم هێزێکی زۆری سۆپـای عێراق و پاسدارانی ئێران و حەشـدی شەعبی، بە تازەترین تانک و زرێپۆش و تۆپی قورسەوە، ئەمشەو پەلاماری شاری کەرکوک و دووزخورماتوو و چەند شوێنێکی تری پارێزگای کەرکوکیان داوە و داگیریان کردوون. زۆر دڵڕەقانە و بێبەزەییانە، گەڕەکە کوردییەکانی شاری کەرکوک بـۆردوومان دەکەن.

گەشبین: بۆ بابە گیـان.. چیمان کـردووە؟

باوکی: کچی شیرینم ئێمە هیچ تاوانێکان نەکردووە.. تەنها لەبەر ئەوەی کە کوردین و کەرکـوکیش شاری کوردستانییە.. دەیـانەوێت بـمان کـوژن و کەرکوکیش داگیربکەن.

گەشبـین خەمێکی قـووڵ دایگـرت و سـوێ چـووە دڵیـەوە و متـقی بـردەوە.

بەیانی کە خۆرهەڵات، تەقەکردن و تۆپ گرتنە گەڕەکە کوردییەکانی ناو شاری کەرکوک نەوەستابوون.. باوکیان وتی: ئەم داگیرکەرانە نە ویژدان و نە رەوشتیان هەیە.. تا زوو با لە کەرکوک دەربچین، ئەگیان دەمـان کـوژن.. دەی خۆتـان ئامـادەبکەن با دەربچین. دایکیان بە پـەلە هـەنـدێ جل و بەرگ و شتی پێـویستی پێچـایەوە، خستیانیە سەنـووقی ئۆتـۆمبێلەکەیـانەوە. سواربوون و لە کەرکوک دەرچوون.. رێگای شـوان و کـۆیەیان گرتەبەر.. تا گەیشتنە شارۆچکەی تـەق تـەق کە لەسەر زێی بچـووک.. لەوێ دوو رۆژ لە ماڵی خزمێکیان مانەوە. ئەو دوو رۆژە لە خەفەت زیاتر، دڵیان خواردنیشی نەدەبرد.

بۆ رۆژی سێیەم گەشبین بە باوکی وت: بابە گیان من بەبێ کەرکوک ناتوانم بژیـم.. گەر بـشـمان کـوژن، پێمخـۆشـە بگەڕێینەوە بـۆ شارەکەمـان.

باوکی: ئافـەرین کچە ژیر و شیرینەکەم.. ئەوەی تـۆ وتت لە دڵی منیشدایە.. کەرکوک زێـدی هەزاران ساڵەی باوک و باپیرانمانە.. چۆن دەبێت بۆ داگیرکەران چۆڵی بکەین. دوای ئەوەی سوپاسی ماڵی خزمەکەیان کردن، کە بە ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستییەوە پێشوازیان لێکـردن.. سـواری ئـۆتـۆمبێلـەکەیـان بـوون و گـەڕانەوە بـۆ کەرکوک.

لە خاڵی پشکنینی ڕێگای نێوان کەرکوک و هەولێر، کۆمەڵێک تانک و تۆپ و حەشدی شەعبی، جێگای پێشمەرگەیان گرتبۆوونەوە، بە ڕوویەکی زۆر گرژ و رقەوە لەو خێزانە کوردییانەیان دەڕوانین و تەشقەڵەیان پێدەکردن، کە دەگەڕانەوە بۆ کەرکوک.. چونکە ئەوان نەیان دەویست کورد بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان. ترس و تۆقینیان بڵاودەکردەوە، بۆ ئـەوەی کورد لە کەرکوک هەڵبێن و نەگەڕێنەوە.

کە گەیشتنەوە ناو گەڕەکی رەحیماوا، ماڵەکانی کپ بـوون.. شەقامەکانی بۆنی خوێنیان لێدەهات.. لە ترسی کوشتن و تاوانە قێزەوەنەکانی حەشدی شەعبی خەڵکی نەیاندەوێرا لە ماڵەکانیان دەربچنە دەرەوە.. بە دەیان تانک و تۆپ، بە هەزاران حەشدی شەعبی و سەرباز بە چەکەوە کەوتبوونە نێو گەڕەک و کۆڵانەکانی شاری کەرکوک.. بە ئاشکرا و بێشەرمانە خەریکی تاڵانکردن و دزینی ئەو ماڵە کوردانە بوون کە لە ترسی تاوانەکانی حەشدی شەعبی نەگەڕابـوونەوە ماڵەکانیان.

گەشبین کە ئەو کارە قێزەوەنانەی بینی، هێندەی تر سوێ چووە دڵیەوە، هێندەی تر خەم و خەفەت دایگرت.. پیشی بردەوە و هەناسەیەکی زۆر قـووڵی هەڵکێشا و ئاخێکی کرد. بازاڕەکەی رەحـیماوا و کـۆگانی داخـرابـوون.. تاک و تـەرا خەڵکی لە دەرەوە دەبـینران

گەشبین: رۆژ باش رەحیماوا.. ئەی گەڕەکە شیرینەکەمان.

رەحیماوا: تا داگیرکەر لـەم شارەدا بێت.. رۆژمـان باش نییە.

گەشبین سەیرێکی قەڵاکەی کەرکوکی کرد: رۆژ باش قەڵا سەرکەش و دێرینەکەمان.

قەڵای کەرکوک: تا داگیرکەر لە کەرکوک دا بێت.. رۆژمـان باش نییـە.

گەشبین: رۆژ باش کەرکوک.. ئەی شارە خۆشەویستەکەمان.. زێـدی باوباپیرانمان.

کەرکوک: تا ئەم داگیرکەرە دڕندانە لێرەدابن.. نە رۆژمـان و نە ژیانمان باش نـین.

گەیشتنەوە ماڵی خۆیان، وا هەستیان دەکرد کە دار و دیوارەکانی ماڵەکەشیان خەمبارن.

ئێوارەی هەمان رۆژ، گەشبین چووە سەربانی خانووەکەیان، بە غەمگینییەوە سەیرێکی مەشخەڵە هەمیشەییەکەی باوەگوڕگوڕي کـرد.. کە لە لای کەرکوکییەکان زۆر پیرۆزە و سیمبولی شاری کەرکـوکە.. چاوەکـانی پڕبـوون لـە فـرمێسک.. هۆن هۆن بەسـەر رووومـەتە ئاڵەکانیـدا دەهـاتنە خـوارەوە.. بە قـوڕگێکی پڕ لە گـریـانەوە: ئێوارەت باش باوەگوڕگوڕی پیـرۆز و خۆشەویستـمان.

باوەگوڕگوڕ: ژیانت باش کچی شیرینم.. دەزانم بۆ خەمباری و ئەسرین دەڕێژی.. تکایە مەگری و خەم مەخۆ چاکتان کرد کە گەڕانەوە، هەواڵ بنێرە بۆ خزمان و ناسیاوەکانتان، با بە زووترین کات بگەڕێنەوە بۆ شارەکەمان.. گەشبین گیان ئومێدەوار و گەشبین بە..

دڵنیاشبە نە گڕ و کڵپەی مەشخەڵەکەی من خامۆش دەبێت.. نە داگیرکەرانیش دەتوانن ناسنامەی کوردستانییەتی کەرکوک بسڕنەوە.. هیوادابە و درێژە بە خوێندن بدەیت.

ئەم قسانەی باوەگوڕگوڕ، هیوایەکی تازەی بە گەشبین بەخشین.. بڕیاری دا کە درێژە بە خوێندن بدات و، بە ئەوپەڕی تواناشیەوە، بەبێ وچان و کۆڵنەدان، زیاتر تێبکۆشێت بۆ رزگارکردنی شاری کەرکوکی خۆشەویستمان لە داگیرکەران.

گەشبین ئەو وتەیەی مامۆستای زمانی کوردیشیان هاتەوە یادی، کە زور جار لە پۆلدا دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: قوتابییە دڵسۆزەکانمان ئێوە هیوای داهاتووی کوردستانن.